# ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا پەروەردگارمان دەبینین لە ڕۆژی قیامەتدا؟ فەرمووی: ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتیەک دەبن لە بینینی خۆر ومانگ لە کاتی ساماڵدا؟

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتمان، ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا پەروەردگارمان دەبینین لە ڕۆژی قیامەتدا؟ فەرمووی: «ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتیەک دەبن لە بینینی خۆر ومانگ لە کاتی ساماڵدا؟»، ووتمان: نەخێر، فەرمووی: «بۆیە تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن لە بینینی پەروەردگارتان لەو ڕۆژەدا هەروەکو ئەوەی چۆن تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن لە بینینی خۆر ومانگدا» پاشان فەرمووی: «یەکێک بانگ دەکات: هەموو کۆمەڵێک (قەومێک) با بچن بۆ شوێنکەوتنی ئەوەی کە دەیانپەرست (لە دونیادا)، ئەوانەی خاچیان دەپەرست لەگەڵ خاچەکەیان دەچن، وئەوانەی بتیان دەپەرست لەگەڵ بتەکانیان دەچن، وئەوانەی هەر پەرستراوێکی پوچ وناهەقی تریان دەپەرست لەگەڵ پەرستراوە پوچەکەیان دەچن، هەتا تەنها ئەوا دەمێننەوە کە تەنها خودا (الله) پەرست بوون، لە کەسانی چاکەکار وتاوانکار، وکۆمەڵانێک لە ئەهلی کتێب (جولەکە ونەسڕانیەکان)، وپاشان دۆزەخ دەهێندرێت وەکو سەراب وایە، بە جولەکە دەووترێت: چیتان دەپەرست؟ دەڵێن: عوزێری کوڕی خودامان دەپەرست، دەووترێت: درۆتان کرد، خودا هیچ هاوەڵ ومنداڵێکی نەبووە، چیتان دەوێت؟ دەڵێن: ئاومان دەوێت (بەهۆی زۆری تینوێتیەوە)، دەووترێت: بخۆنەوە دەکەونە ناو دۆزەخەوە، پاشان بە نەسڕانیەکان دەووترێت: چیتان دەپەرست؟ دەڵێن: مەسیحی کوڕی خودامان دەپەرست، دەووترێت: درۆتان کرد، خودا هیچ هاوەڵ ومنداڵێکی نەبووە، چیتان دەوێت؟ دەڵێن: ئاومان دەوێت (بەهۆی زۆری تینوێتیەوە)، دەووترێت: بخۆنەوە دەکەونە ناو دۆزەخەوە، هەتا تەنها ئەوانە دەمێننەوە کە خودایان دەپەرست لە کەسانی چاکەکار وتاوانکار، دەووترێت: چی ئێوەی هێشتەوە لێرە لە کاتێکدا هەموو خەڵکی چوون ونەمان؟ دەڵێن: ئێمە خۆمان لە ئەوان جیا کردەوە (لە دونیادا) لە کاتێکدا ئەمڕۆ زیاتر پێویستیمان بە خۆجیاکردنەوەیە لێیان، ئێمە یەکێکمان بیست بانگی کرد: هەموو کۆمەڵێک (قەومێک) با بچن بۆ شوێنکەوتنی ئەوەی کە دەیانپەرست (لە دونیادا)، وئێمە چاوەڕێی پەروەردگارمان دەکەین، پاشان خوای گەورە دێت بۆ لایان بە ڕواڵەتێک جیا لە ڕواڵەتی یەکەم کە پێشتر بینیان بوو، دەفەرموێت: من پەروەردگارتانم، دەڵێن: تۆ پەروەردگارمانی، تەنها پێغەمبەران دەتوانن قسەی لەگەڵدا بکەن، دەفەرموێت (یان دەووترێت): ئایا هیچ ئاماژەیەک (نیشانەیەک) هەیە بۆ ئەوەی بیناسنەوە؟ دەڵێن: (ساق)*، خودا ساقی خۆی ئاشکرا دەکات، هەموو ئیماندارێک سوجدەی بۆ دەبات، تەنها ئەوانە دەمێننەوە کە بۆ ڕیا (ڕوپامایی) وخۆدەرخستن سوجدەیان دەبرد، دەچن بۆ ئەوەی سوجدە ببەن، بەڵام پشتیان ڕەق دەبێت (وەکو پارچە دارێکی لێدێت؛ بۆیە ناتوانن سوجدە ببەن)، پاشان پردێک دەهێندرێت ودەخرێتە سەر دۆزەخ». ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا پردەکە (پردی سیرات) چییە؟ دەفەرموێت: «پردێکی خلیسکێنەرە (پێیەکان لەسەری جێگیر نابن ودەکەون)، زنجیر وقولاپی زۆری لەسەرە، ودڕکی پانی چەماوەی لەسەرە کە لە نەجددا هەیە پێی دەووترێت: دڕکی سەعدان، ئیماندار بە سەریدا تێپەڕ دەبێت وەکو: چاو تروکاندنێک وبروسکە وبا وئەسپی خێرا وخێرایی وشتر، بۆیە هەیە بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت، وهەیە بە برینداری ڕزگاری دەبێت، وهەیە دەکەوێتە نێو دۆزەخەوە، هەتا کۆتا کەسیان تێپەڕ دەبێت بە ڕاکێشانەوە (لەسەر پردەکە)، ئێوە سکاڵا ناکەن لە لای من سەبارەت بە مافێکتان کە بۆتان ڕوون بووەتەوە (لە دونیادا) وەکو داواکردن وتکای ئیمانداران لە لای خوای گەورە لەو ڕۆژەدا، کاتێک دەبینن ڕزگاریان بووە، هەندێکیان دەڵێن: ئەی پەروەردگار براکانمان، لەگەڵ ئێمە نوێژیان دەکرد، وڕۆژوویان دەگرت، وکردەوەیان لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا، خوای گەورە -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت: بچن هەرکەسێکتان دۆزیەوە کە بە هێندەی دینارێک ئیمان لە دڵیدا هەبوو دەریبهێنن (لە دۆزەخ)، وخوای گەورە قەدەغەی دەکات لەسەر دۆزەخ کە دەموچاوی ئەم تاوانکارانە بسوتێنێت، ودێن بۆ لایان وهەندێکیان هەتا پێیەکانی نقوم بووە لە ئاگر، وهەندێکی تر هەتا نیوەی

ساقی، وئەوانەی دەیانناسنەوە دەریدەهێنن، پاشان دەگەڕێنەوە، خودا دەفەرموێت: بچن هەرکەسێکتان دۆزیەوە
که بە هێندی نیوەی دینارێک ئیمان لە دڵیدا هەبوو دەریبهێنن (لە دۆزەخ)، بۆیە ئەوانەی دەیانناسنەوە
دەریدەهێنن، پاشان دەگەڕێنەوە، خودا دەفەرموێت: بچن هەرکەسێکتان دۆزیەوە هێندەی کێشی گەردیلەیەک
ئیمان لە دڵیدا هەبوو دەریبهێنن (لە دۆزەخ)، بۆیە ئەوانیش ئەوەی دەیناسن دەردەهێنن» ئەبو سەعید دەڵێت:
ئەگەر باوەڕم پێناکەن ئەوا ئەم ئایەتە بخوێننەوە: {إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا}،
واتە: {بەڕاستی خودا بە ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم ناکات وئەگەر چاکەیەک هەبێت (خودا) پاداشتەکەی چەند
جارە دەکاتەوە}. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:«پاش ئەمە پێغەمبەران وفریشتەکان
وئیمانداران شەفاعەت دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: «شەفاعەتی من ماوە، خوای گەورە پڕجنگێک (بە
دەستی پیرۆزی) لە دۆزەخ دەردەهێنێت، بەهۆی سووتانەوە ڕەش هەڵگەڕاون، ودەخڕێنە نێو ڕووبارێکەوە کە لە
پێش دەرگاکانی بەهەشتدایە پێی دەووترێت (ئاوی ژیان)ەوە، بۆیە دەڕوێن وگەش دەبنەوە لە کەنارەکانی
هەروەکو چۆن تۆو بەهۆی لێزمەیەک بارانەوە دەڕوێت، دەیبینن (ئەو تۆوەی) کە دەڕوێت لە تەنیشت بەردێک
یان دارێک ئەوەی ڕووی لە خۆر بێت سەوزە وئەوەی لە سێبەردا بێت سپییە، بۆیە دەردەچن وەکو مرواری وان،
ئاماژە (نیشانە یان مۆر) دەخرێتە ملیان (بۆ ئەوەی پێیان بناسرێنەوە)، خەڵکی (ئەهلی) بەهەشت دەڵێن: ئەمانە
دەرباز کراون (لە دۆزەخ) لە لایەن خودای میهرەبانەوە، ئەوانی خستە بەهەشتەوە بە بێ ئەوەی هیچ
کردەوەیەک ئەنجامبدەن، وبە بێ ئەوەی هیچ خێرێک بکەن، پێیان دەووترێت: ئەوەی بینیتان پێتان دەبەخشرێت
وچەندەها جاری ئەمانەش». *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە
پێیەکان وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەندێک لە هاوەڵان پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-: ئایا پەروەردگارمان دەبینین لە ڕۆژی قیامەتدا؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێیانی فەرموو: بەڵێ، پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن خۆر دەبینن لە نیوەی ڕۆژدا ومانگ دەبینن لە شەوی چواردەدا بە بێ هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک، ولێرەدا چوندان مەبەست لێی ڕوونی ونەبوونی ناڕەحەتی ونەبوونی پاڵەپەستۆیە، وایە چواندنی بینینە بە بینین نەک چواندنی خودا بێت بە مانگ وخۆر، واتا خودا بە ڕوونی وبێ ناڕەحەتی دەبینن هەروەکو چۆن خۆر ومانگ دەبینن لە ئاسماندا بە ڕوونی وبێ ناڕەحەتی، ئەم بینینە جیاوازە لەو بینینەی کە وەکو پاداشت بە پیاوچاکان وئەولیاکان دەبەخشرێت لە بەهەشتدا؛ ئەم بینینەی لەم فەرموودەیەدا باسکراوە بۆ جیاکردنەوەیە لە نێوان (ئەوانەی تەنها خودایان پەرستووە) و (ئەوانەی جگە لە خودا کەس وشتی تریان پەرستووە یان هاوەڵیان بۆ خودا بڕیارداوە لە پەرستندا). پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە یەکێک بانگ دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا: هەرکەسێک شتێکی پەرستووە جگە لە خوای گەورە با شوێنی ئەو شتە بکەوێت، ولە گێڕانەوەیەکی سەحیحدا: خوای گەورە خۆی بانگ دەکات، وهەموو ئەوانە کۆ دەکرێنەوە کە بتەکانیان دەپەرست وفڕێ دەدرێنە نێو دۆزەخەوە. وتەنها ئەوانە دەمێننەوە کە خودایان دەپەرست ئینجا ئەگەر چاکەکار بن یان خراپەکار وهەندێک کۆمەڵی کەم لە جولەکە ونەسڕانیەکان، چونکە زۆربەیان لەگەڵ بتەکانیان فڕێ درانە نێو دۆزەخەوە، چونکە هەیە لە جولەکە ونەسڕانیەکان ولە جگە لە ئەوانیش بت وپەیکەر وگۆڕی پیاوچاکان وپێغەمبەران دەپەرستن بۆیە لەگەڵ بت پەرستەکانی تر فڕێدەدرێنە نێو دۆزەخەوە، بەڵام پیاوچاکان وپێغەمبەران بەریئن لەم کردەوانەی ئەوان وتاوانبار نین چونکە ڕازی نین بە پەرستنیان، ودۆزەخ دەهێندرێت لەو ڕۆژەدا وپیشانی خەڵکی دەدرێت وەکو سەراب وایە، وجولەکەکان دەهێندرێن وپێیان دەووترێت: کێتان دەپەرست؟ دەڵێن: عوزەیری کوڕی خودامان دەپەرست. پێیان دەووترێت: درۆتان کرد لەم قسەدا، خودا نە هاوسەری هەیە ونە منداڵی هەیە. پاشان پێیان دەووترێت: چیتان دەوێت؟ دەڵێن: دەمانەوێت ئاو بخۆینەوە (بەهۆی تینوێتیەوە). وئەمە یەکەم داواکارییانە؛ چونکە لەو ڕۆژەدا خەڵکی زۆر تینووی دەبێت بەهۆی زۆری وەستان وناڕەحەتی یەک لە دوای یەک ونزیکبوونەوەی خۆر بە ئەندازەی میلێک، ودۆزەخیان وەکو ئاو پێنیشاندەدرێت، پێیان دەووترێت: بچن بۆ ئەو شوێنەی کە وا گومان دەبەن ئاوە، ولێی بخۆنەوە. ودەچن ودەبینن دۆزەخە کڵپەی دێت وهەڵچووە بەهۆی زۆری شەپۆلەکانی ولێکدانیان بەکتردا، بۆیە دەکەونە نێو دۆزەخەوە، وهەمان شت دەووترێت بە نەسڕانیەکانیان لە پاش ئەوان. هەتا لە کۆتاییدا تەنها ئەوانە دەمێنن کە خودا بە تەنها دەپەرست لە چاکەکار وخراپەکار، پێیان دەووترێت: چۆن لێرە ماون لە کاتێکدا هەموو خەڵکی ڕۆیشتن؟ دەڵێن: ئێمە خۆمان دوور خستەوە لەو خەڵکانە لە دونیادا ولە ئەمڕۆدا زیاتر پێویستیمان بە خۆ دوورخستنەوەیە لێیان؛ چونکە ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورەیان کرد وئێمە دژایەتی ئەوانمان کرد، لە پێناو خوای گەورە ڕقمان لێیان بوو، گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە لە پێش هەموو شتێک بوو لە لای ئێمە، وئێمە چاوەڕێی پەروەردگارمان دەکەین کە لە دونیادا دەمانپەرست، خودا دێت بۆ لایان بە

ڕواڵەتێک جیا لەو ڕواڵەتەی یەکەم جار بینیان، وئەمیش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پێشووتر ڕواڵەتی خودایان بینیووە وناسیوویانە، پێش ئەوەی ئەمجارە بێت، ونابێت ڕواڵەت (وێنە یان شێوە) بە واتایەکی تر لێکبدرێتەوە بەڵکو باوەڕمان پێی هەیە وەکو خۆیەتی بە بێ لێکدانەوەیەکی تر بۆی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەرەکان وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکە وبە بێ لێکدانەوەی چۆنییەتی، وئەگەر خودا بێت بۆ لایان دەفەرموێت: من پەروەردگارتانم، دەڵێن: تۆ پەروەردگارمانی، وبە ئاسوودەیی ومۆژدەوە ئەمە دەڵێن، وتەنها پێغەمبەران قسەی لەگەڵدا دەکەن، خودا پێیان دەفەرموێت (یان پێیان دەووترێت): ئایا هیچ ئاماژەیەک (نیشانەیەک) هەیە کە بەهۆیەوە پەروەردگارتان بناسن؟ دەڵێن: ساق*. خودا ساقی خۆی ئاشکرا دەکات وئیمانداران بەهۆی ئەوەوە دەیناسن وسوجدەی بۆ دەبەن، بەڵام مونافیقەکان (دوو ڕووەکان) ئەوانەی کە بۆ خۆنواندن وڕوپامایی خودا پەرستی ئەنجامدەدەن؛ ناتوانن سوجدە ببەن، وپشتیان وەکو یەک ئێسکی لێدێت وڕەق دەبێت، وناتوانن بچەمێنەوە بۆ سوجدە بردن، چونکە لە ڕاستیدا لە دونیادا سوجدەیان بۆ خودا نەدەبرد، بەڵکو بۆ پێداویستی ومەبەستی دونیایی سوجدەیان دەبرد. ئەم بەشەی فەرموودەکە دووپاتکردنەوەیە لەسەر بوونی ساق بۆ خوای گەورە، ئەم فەرموودەیە وئەوانی تر ئەم ئایەتە تەفسیر وڕاڤە دەکەن کە خوای گەورە دەفەرموێـت: {يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ}[القلم: 42]، واتە: {لە ڕۆژێکدا (کە قیامەت وناڕەحەتیەکانیەتی) خوای گەورە ساقی پیرۆزی دەردەخات (وەك لە فەرموودەی ئیمامی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، باوەڕمان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك، وە ئێمەش چۆنێتیەکەی نـازانین) وبانـگ دەکرێـن بـۆ سوجـدە بـردن (بـۆ خـوای گـەورە)؛ کەچـی نـاتوانن (سوجـدە ببـەن)}، وتەفسیرکردن ولێکدانەوەی ئەم ئایەتە بەوەی مەبەست ناڕەحەتی وسەختییە لەو ڕۆژەدا ڕایەکی ناپەسەندە، واجبە کە سیفەتی ساق باوەڕمان پێی هەبێت وجێگیر بکرێت بۆ خوای گەورە، وئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەم سیفەتە وپەسەندە، وئەمیش وەکو سیفەتەکانی تر بە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەرەکان وبەبێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی. پاشان (پری سیرات) دەهێندرێت ولەسەر دۆزەخ دادەنرێت، ئەم پردە پێیەکان لەسەری ڕاگیر وجێگیر نابن و لەسەر پردەکە زنجیر وقولاپی ئاسنی هەن وهەرکەسێک فەرمانی لەسەر کرابێت بە گرتنی دەیگرن، و لەسەر (پردی سیرات) دڕکی پان هەیە وخەڵکی لەسەر پردەکە بە ئەندازەی ئیمان وکردەوەکانیان تێپەڕ دەبن، ئەوەی کردەوەکانی بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت ئەوا وەکو خێرایی چاو تروکاندنێک بەسەر (پردی سیرات)دا تێپەڕ دەبێت، وبەو شێوەیە هەرکەسێک بە ئەندازەی ئیمان وکردەوەکەی تێپەڕ دەبێت، هەروەکو لە فەرموودەکە ڕوونکراوەتەوە، وەکو: بروسکە، وبا، وئەوانی تر. وئەوانەی بەسەر پردەکەدا تێپەڕ دەبن، چوار جۆرن: 1/ کەسێک ڕزگاری دەبێت بە بێ هیچ ئازار وزیانێک، وئەوانیش خێرایی تێپەڕبوونیان جیاوازە هەروەکو پێشووتر باسکرا. 2/ کەسێک بە برینداری وئازارێکی کەم ڕزگاری دەبێت، واتا شتێک لە گڕی دۆزەخ یان زنجیر وقولاپەکانی سەر پردی سیرات تووشی برینێکی کەمیان کردووە. 3/ ئەوەی بە زۆری وبەهێزیەوە فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخەوە. 4/ ئەوەی ڕادەکێشرێت لەسەر پردی سیرات چونکە کردەوەکانی چاکەکانی وەکو پێویست نین بۆ ئەوەی لەسەر پردەکە هەڵیبگرن. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (ئێوە سکاڵا ناکەن لە لای من سەبارەت بە مافێکتان کە بۆتان ڕوون بووەتەوە (لە دونیادا) وەکو داواکردن وتکای ئیمانداران لە لای خوای گەورە لەو ڕۆژەدا): ئەمیش لە فەزڵ وڕەحمەت وڕێزلێنانی خوای گەورەیە کە ئیزن دەدات بە ئیمانداران پاش ئەوەی داوا وتکا دەکەن بۆ لێخۆشبوون لەو برایانەیان کە فڕێدراونەتە نێو دۆزەخەوە بەهۆی تاوانەکانیان، ولەگەڵ ئەمەشدا ئیلهامی بەخشی بە ئیمانداران بۆ ئەوەی داوا وتکای لێبکەن وشەفاعەت بکەن بۆ براکانیان، وخوای گەورە ئیزن ومۆڵەتیان پێدەدات؛ ئەمیش وەکو ڕەحمەت وبەزەیی هاتنەوەیەک پێیاندا -سبحانه وتعالی-. (کاتێک دەبینن ڕزگاریان بووە، هەندێکیان دەڵێن: ئەی پەروەردگار براکانمان، لەگەڵ ئێمە نوێژیان دەکرد، وڕۆژوویان دەگرت، وکردەوەیان لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا): لەم بەشەی ئەم فەرموودەیەوە ئەوە تێدەگەین ئەوانەی کە نوێژ ناکەن لەگەڵ مسوڵمانان وڕۆژوو ناگرن لەگەڵیاندا، شەفاعەتیان بۆ ناکرێت، وداوا لە خودا ناکەن کە ئەوان ڕزگار بکات، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوانەی کە داوای ڕزگار کردنیان کراوە لە دۆزەخ ئیماندار بوون ویەک خودا پەرست -موەحید- بوون، چونکە دەڵێن: (ئەی پەروەردگار براکانمان، لەگەڵ ئێمە نوێژیان دەکرد، وڕۆژوویان دەگرت، وکردەوەیان لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا)، بەڵام هەندێک تاوانیان ئەنجامداوە کە شایستەی چوونە دۆزەخ بوون. وئەمیش ڕەتدانەوەیە بۆ دوو کۆمەڵەی گومڕا: خەواریجەکان وموعتەزیلەکان، کە دەڵێن: (ئەوەی بچێتە دۆزەخە لێی دەرناچێت، وئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجامبدات بە هەتاهەتایی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە). خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: بڕۆن هەرکەسێکتان بینی هێندەی دینارێک ئیمان لە دڵیدا هەبوو لە دۆزەخ دەریبهێنن، وخوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ کە دەموچاویان بسوتێنێت، ودێن ودەبینن هەندێکیان ئاگر گەیشتووەتە لای پێیەکانی، وهەندێکی تر ئاگر گەیشتووەتە نیوەی ساقی، وئاگر هەتاوەکو لای ملیان دێت هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە، بۆیە هەرکەسێک بیناسن دەریدەهێنن، وپاشان دەگەڕێنەوە، خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: بڕۆن هەرکەسێکتان بینی هێندەی نیوەی دینارێک

ئیمان لە دڵیدا هەبوو لە دۆزەخ دەریبهێنن، بۆیە ئەوەی دەیناسن دەریدەهێنن، وپاشان دەگەڕێنەوە، خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: بڕۆن هەرکەسێکتان بینی هێندەی کێشی گەردیلەیەک ئیمان لە دڵیدا هەبوو لە دۆزەخ دەریبهێنن، بۆیە ئەوەی دەیناسن دەریدەهێنن، ولێرەدا ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەگەر باوەڕ ناکەن ئەم ئایە بخوێننەوە: {إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا}، واتە: {بەڕاستی خودا بە ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم ناکات وئەگەر چاکەیەک هەبێت (خودا) پاداشتەکەی چەند جارە دەکاتەوە}، خوێندنەوەی ئەم ئایەتە لە لایەن ئەبی سەعیدەوە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی ئەگەر بەندە هێندەی کێشی گەردیلەیەک ئیمان لە نێو دڵیدا هەبێت ئەوا خوای گەورە چەند هێندە بۆی زیاد دەکات، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ڕزگاری ببێت لە دۆزەخ. پاشان -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (پاش ئەمە پێغەمبەران وفریشتەکان وئیمانداران شەفاعەت دەکەن): ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم سێ کۆمەڵە شەفاعەت دەکەن، بەڵام پێویستە بزانرێت شەفاعەتی هیچ کەسێک قبوڵ ناکرێت مەگەر پاش ئیزن ومۆڵەتی خوای گەورە نەبێت، هەروەکو پێشووتر باسی شەفاعەتی ئیمانداران کرا بۆ براکانیان کە لەگەڵیان کردەوەی چاکیان ئەنجامدەدا، وپاش ئەمە خوای گەورە ئیزن بەم سێ کۆمەڵەش دەدات وهەمان شت دەفەرموێت، وئەوانیش هەمان کردەوەی ئەوانی پێشوو دەکەن. (خوای گەورە دەفەرموێت: شەفاعەتی من ماوە، خوای گەورە پڕجنگێک (بە دەستی پیرۆزی) لە دۆزەخ دەردەهێنێت، بەهۆی سووتانەوە ڕەش هەڵگەڕاون): ومەبەست لە شەفاعەت لێرەدا ڕەحمەت وبەزەیی خوای گەورەیە بەرامبەر ئەوانەی سزا وئازار دەدرێن، ولە دۆزەخ دەریان دەکات. کاتێک دەفەرموێت: (پڕچنگێک -بە دەستی پیرۆزی-) ئەمەش دووپاتکردنەوەی پڕچنگە بۆ خوای گەورە هەروەکو لە قورئان وسونەتدا هاتووە بە دەق کە بوونی دەست وپڕچنگ دەسەلێمێنێت، ئەم سیفەتەش بە هەمان شێوەی سیفەتەکانی تر بە لێکدانەوەی واتایەکی تر دوور لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەرەکان، بەڵام ئەوانەی لێکدانەوەی پووچەڵ دەهێننەوە وئەمە قبوڵ ناکەن، وباوەڕی پێناکەن، ودەزانن کە هەق ئەوەیە خودا وپێغەمبەرەکەی فەرموویانە، ولەم بابەتدا گومڕا بوون ولە ڕێگای ڕاست لایان داوە. خوای گەورە بە پڕچنگی دەستی پیرۆزی خۆی خەڵکانێک دەردەکات لە دۆزەخ کە سووتان وڕەش هەڵگەڕاون، وپاشا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ودەخڕێنە نێو ڕووبارێکەوە کە لە پێش دەرگاکانی بەهەشتدایە پێی دەووترێت -ئاوی ژیان-): دەخرێنە نێو ئەم ڕووبارە کە پێی دەووترێت -ئاوی ژیان-، وهەرکەسێک بخرێتە نێو ئەم ئاوەوە زیندوو وگەش ساغ دەبێتەوە، ولە کەناری ئەم ڕووبارەدا گۆشت وپێنین وئێسکەکانیان هەروەکو ڕووەک دەڕوێنەوە ودروست دەبنەوە پاش ئەوەی بەهۆی ئاگرەوە سووتا بوون. (بۆیە دەڕوێن وگەش دەبنەوە لە کەنارەکانی هەروەکو چۆن تۆو بەهۆی لێزمەیەک بارانەوە دەڕوێت، دەیبینن -ئەو تۆوەی- کە دەڕوێت لە تەنیشت بەردێک یان دارێک ئەوەی ڕووی لە خۆر بێت سەوزە وئەوەی لە سێبەردا بێت سپییە): ئەمیش ئاماژەیە بۆ خێرایی دروستبوونی گۆشت وئەندامەکانی لاشەیان هەروەکو چۆن بارانی بەلێزمە هەروەکو باسکراوە بە خێرایی دەبێتە هۆی ڕواندن وگەشەکردنی تۆوی ڕووەک، وهەروەها ئاماژەیە بۆ نەرم وناسکی وجوانی پێست ولاشەیان. (بۆیە دەردەچن وەکو مرواری وان): واتا ڕوو وپێستیان لە جوانی وسپێتی وگەشاوەییدا دەدرەوشێتەوە هەروەکو چۆن مرواری دەدرەوشێتەوە. (وئاماژە -نیشانە یان مۆر- دەخرێتە ملیان -بۆ ئەوەی پێیان بناسرێنەوە-): وئەم ئاماژانە تێیاندا دەنوورسێت هەروەکو لە گێڕانەوەی تردا هاتووە/ «عتقاء الرحمن من النار» واتە: «دەربازکراون لە دۆزەخ لە لایەن خودای میهرەبانەوە -لە لایەن الرحمان-ەوە». (خەڵکی -ئەهلی- بەهەشت دەڵێن: ئەمانە دەرباز کراون (لە دۆزەخ) لە لایەن خودای میهرەبانەوە، ئەوانی خستە بەهەشتەوە بە بێ ئەوەی هیچ کردەوەیەک ئەنجامبدەن، وبە بێ ئەوەی هیچ خێرێک بکەن): واتا هیچ کردەوەیەکی چاکیان ئەنجامنەداوە لە دونیادا بەڵام بنچینەی باوەڕ وئیمان هێنان لە دڵیاندا هەبووە کە بریتیە لە شاهێدی دان وباوەڕهێنان بە -لا إله إلا الله- وبە هەموو پێغەمبەران. (پێیان دەووترێت: ئەوەی بینیتان پێتان دەبەخشرێت وچەندەها جاری ئەمانەش): وا دیارە دەخرێنە چەند شوێنێکی چۆڵی ناو بەهەشتەوە بۆیە ئەمەیان پێدەووترێت. *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8301

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee